www.kurdistannet.org
19/07/2003 22:36

# هەڵوێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەرامبەر بە ئەمریکا

هشام ئکرەیی

دەڵێن هەزار قسە قوربانی یەک کردەوە بێ و هەڵگرتنی بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێژتنیەتی. کۆمۆنیستەکان بە شێوەیەکی گشتی لای جەماوەر و خەڵکی ئاسایی بەناوبانگن، بە زووڕەوی و قسەی زل. کاتێ "کۆمۆنیست" دەهاتنە گازینۆی شارەکەمان، ئەو کورسیانەی دەوروبەری ئەوان، چۆڵ دەبوون. خەڵک دەیوت ئەمانە حەبی قسکردنیان خواردوە و تاقەتی ئەوەمان نیە لەسەر قسەکردن تووشی زیندان بین و ئەمانە تەنیا قسەیان پێیە. ئێ حەقیان بوو. بەخەڵکیان دەوت ئێمە بۆ یەکسانی مرۆڤ و گەلان و نەهێلانی فەقیری و دەوڵەمەندی خەبات دەکەن. ئەمە بە قسە. بەڵام کاتێ ئەو برا "کۆمۆنیستانە" لە گازینوەکە دەردەکەوتن، هەر یەکەو حەقی خۆی دەدا. ئەمەبوو کۆمۆنیستیەکەیان. ئەگەر ئەو کەسانە کۆمۆنیست بوانە دەبێ ئەوەی لە هەموان دەوڵەمەندتر پارەی دابا نەک هەر یەکە و حەقی خۆی. حسابی فلسیان لەگەڵ یەکتری دەکرد وەک بڵێی مامەڵە لەگەڵ بوژوایەک دەکەن. بیر لەوەیان نەدەکردەوە لەوانیە ئەم کابرایە هەژار بێت و پارەی نەبێت. کۆمۆنیزم کردەوە و هەڵوێستە نەک تەنیا قسە.

کاتێ ئەمریکا خۆی ئامادە دەکرد هێرش بکاتە سەر ڕژێمی سەددام لە عێراق، برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق/ ئێران، نەفیرعام و سەفەربەلگیان لە دەووەوەی وڵات ڕایانگەیاند، و لەدژی ئەمریکا خۆپێشاندان و ئیعترازیان سازکرد. ئەوان و برا موسڵمانەکان بەرەیەکی بێڕێکەوتنیان ڕاگەیاندبوو. وەک قەیس و لەیلا خۆپشاندانەکانیان یەکتریان دەبری. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەوەش نەوەستا بەڵکوو داوای پشتگیری لە هەموو ڕێکخراوەکانی چەپ و کۆکۆنیستی ئەوروپای کرد. چەندین جار وێنەی خۆپێشاندانی ئەوان لە کەناڵەکانی سەددام پێشاندران و بە بەرەی دژ بەشەر خۆیان دەناساند.

زۆر کەس پێیان وابوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەرگری و (دفاع) لە ڕژێمی سەددام دەکات، وەک ڕێکخراوی مجاهدینی خەڵق، بەڵام حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەم قسانە بە توندی ڕەدی دەکردەوە و دەیان وت پارتەکەیان دژی شەڕ و ئەمریکا و ئیمپریالیزمە.

جەماوەر و کۆمۆنیستەکانی تری دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، پێیان وابوو ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر سەددام، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەوانەیە دەست بە شەڕی چەکداری بکات لە دژی ئیمپریالیزمی جیهانی و دەست بە خەباتی نهێنی بکات وەک داروودەستەکەی سەددام و ئەنسار الاسلام.

هەر لە سەرەتای شەری ئەمریکا لە گەڵ سەددام و تا وەکوو ئێستا، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هێرشێکی درندانە دەکاتە سەر ڕێکخراوەکانی تری باشووری کوردستان و دەڵێت هاوکاری ئەمریکا دەکەن. با بزانین لەوەتی ئەمریکا عێراقی داگیرکردوە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چی کردوە و چی دەکات و ئایە هیچ شتێکی جیاواز لە پارتەکانی تری باشووری کوردستانی کردووە؟

» هەر لە ٩ ی مانگی جواری ئەمساڵەوە تاوەکوو ئەمڕۆ، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خۆپێساندانێکیان ڕێک نەخستوە دژ بە ئەمریکا. پارتی و یێکێتیش هەر ئەوەیان کردوە.

» حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نەک شەڕ بەڵکوو قسەیەکی ناخۆشیشیان بە سەربازێکی ئەمریکایان لە ناو عێراقدا نەوتووە. (لە مەدا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نەختێ جیاوازی هەیە لەگەڵ پارتەکانی تر. چونکە پارتەکانی تر جارجار حەیرانووک بۆ ئەمریکیەکان دەڵێن) .

» حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چالاکی ئاشکرا ڕێکدەخات. مەبەست لە چالاکی، چابکردنی گۆفار و بەیاننامەی حزبە. هەمان شت پارتی و یێکێتی و حزبەکانی تریش دەکەن.

» تا وەکوو ئێستا سێ بارەگای ئاشکرایان لە عێراق هەیە، چونکە هەر ئەوەندە بارەگایان پێ دەکرێتەوە، ئەگینا بەقەد پارتی و یێکێتی بارەگایان دەبوو.

» لە کاتی دامەزراندنی ئەنجوومەنی شارەوانی شاری کەرکوکدا، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕایکەیاند، کەوا سێ ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە سەر بە پارتەکەیانن. واتە ئەوان ئامادەن لە ئەنجوومەنێکدا کار بکەن لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمدا بێت. ئەگەر ئەندامانی ئەنجوومەن هەڵبژێردرابانە لە لایەن جەماوەرەوە لەوانەیە حەقیان هەبوایە، بەشداربن، بەڵام ئەندامانی ئەنجوومەنی شاری کەرکوک تەعیینکراون و دانراون لە لایەن ئەمریکاوە. واتە ئەکەر ڕاستبکەن سێ ئەندامیان هەبێت لە ئەنجوومەنی کەرکوکدا، ئەوە ڕازیبوونی ئەمریکەیان لە سەریان هەبووە و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە تەعیینی ئەمریکا ڕازییە. واتە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕازیە ببێ بە داردەستی ئەمریکا.

» ئەگەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئامادەبێت بە تەعیینکردن بەشدار بێ لە ئەنجوومەنی شارێکی وەک کەرکوک یان هەر شارێکی تر، ئەوە حەتمەن جموجۆڵی کردوە بۆ ئەوەی بەشدار بێ لە ئەنجوومەنی حوکمدا لە عێراق. بەڵام چونکە ژمارەیان کەمە و جەماوەریان نیە، ئەمریکا ڕازی نەبووە جێگایان بداتێ.

لێرەدا هیچ جیاوازیەک لە پراکیکدا لە نێوان هەڵوێست و کردەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و هەر حزبێکی تری "کۆمۆنیست" و " ناسیونالیست" دا نیە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ملکەچی یاساکانی ئەمریکایە و نایەوێ ئەمریکا لێی برەنجێ. ئەگینا بە گوێرەی قسەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێش شەری ئەمریکا لە گەڵ سەددام، دەبوو لە هەمان بەرەدا بمایەوە، ئەوەی پێش شەڕدا هەیبوو. نازانم چوون حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ١٨٠ دەرەجە هەڵوێستی گۆڕی. جیاوازی لە نێوان حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و پارتەکانی تری " کۆمۆنیست" و" ناسیونالیست" تەنیا بە قسە هەیە نەک بە کردەوە. دەربارەی ئەمریکا و هاوکاری لە گەڵ ئەمریکا، پارتەکانی تری کوردستان ڕاستگۆترن لە گەڵ ئەندامەکانیان و جەماوەر و قسەو کردەوەیان یەکە. بەڵام حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە قسە دوژمنی سەرسەختی ئەمریکایە و بەکردەوە خوا خوایەتی ئەندامێکی لە لایەن ئەمریکاوە لە ئەنجوومەنی شاری کەرکوکدا تەعیین بکرێت.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.